# زمان . . . سیمۆلۆژیا

# لە

# زەڕنە و ئاسۆیدا



لێنواتی: نامیق هەورامی

مێژووی شیعری هاوچەرخ بەزاری هەورامی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەشتاکان و ماموستا «عوسمان محەمەد هەورامی» یەکەمین دەقی شیعری هاوچەرخی هەورامیی بلاوکردەوە.

ئەمە دەسپێکی یەکەمی ئەو قۆناغەیە و ئیتر ئەوەبوو رێچکەیەک و زۆرێک نووسەر کەوتنە دووی ئەم هەنگاوە بەتایبەت لە «کوردستانی رۆژهەلات»دا.

هەرچەندە بەهۆزی من ئەم رێچکەیە نەیتوانی هیچ پێشقەچوونێکی بابەتی بەخۆوە ببینێ و بە بەراورد لەگەڵ شیعری هاوچەرخی ئەمرۆی کوردیدا نەتوانراوە شیعری بالا بنووسرێت، لەوانەشە هەبێت، بەلام دەرگای بلاوکراوەکان لە رووی شیعر چرۆک و نووسینەکانی تری ئەم شێوەزارەدا داخراون، وەگەرنا لەوانەیە چەندین دەقی باش و چیرۆکی سەرکەوتوو و نۆقلێتی نایاب هەبن وەلێ یان دەبێت لە دوو تویی کتێبداو لەسەر ئەرکی نووسەرەکەی چاپ بکرێن یان دەبێت هەر لە کتێبخانەی مالەوەدا بمێننەوە.

دیارە ئەگەر بزاوتی چاپ و بلاوکردنەوە نەبێت شاکارو بەرهەمەکان وەک پشکۆی ژێر خۆلەمێش بە خەفەیی دەمێننەوە بۆیە گەر لەم قۆناغەدا بتەوێت قسە لەسەر ئەدەبی هەورامی بکەیت رووبەڕووی بێسەرچاوەیی و کەمیی بەرهەم دەبیتەوە. ناتوانیت قۆناغەکان دیاری بکەیت و بزانیت تا چەند پێشکەوتنی بەرچاوی هەیە.

کاتێک لە لە ئەدەب و هونەری ناوچەی هەورامان و جوگرافیای قەلەمڕەوی زاری هەورامی دەکەین تەنیا وێنا دەکرێت باسی «بێسارانی و مەولەوی و خانای قوبادی و سەیدی هەورامی و .... تاد) بکرێت، لە کاتێکدا چەندین دەنگی کاراسەر داهێنەری شیعری هاوچەرخی هەورامیی لێرەو لەوێ بەرچاودەکەون.

«کەلسووم عوسمانپوورە دەنگێکی مێینانەی ئەترسی شیعری هەورامییەو زۆر ئاستەنگی ژیانی وەلاناوە لە پێناو بالاکردنی شیعری خۆیدا، بەندە رەشنووسی یەکەمین رۆمانی هەورامیم لەبەردەستدایەو لە بزاوتی شیعریشدا رەنگە یەکەم هەنگاوم نابێت لە نووسینی شێوازی بەخشانە شیعری تازەی هەورامیدا و دەیانی تر کە لەبەر بێ غوونەیی ناتوانین باسیان بکەین.

رەئووف مەحموود پوور یەکێکە لەو دەنگانەی زۆر بزێوانە لە پانتایی شیعرو ئەدەبیاتی ناوچەی هەوراماندا جێدەستی دیارە.

ئەم شاعیرەمان بەجیا لە دەنگەکانی دەوروبەری دەبەرێت بە ستایلێکی تایبەت بەخۆیەوە بدوێت و گوتاری شیعری بە ئاراستەیەکی تایبەتیدا بنێرێت ئەویش کارکردنە لەنێو تەقاندنەوەو وروژاندنی هەستی خوێنەر لە رێگەی کۆدو شفرەکانی دەقەوە.

«زەرنەو ئاسۆی» کتێبێکی قەوارە ناوەندییەو لە دووتوێی (۱۰۰)لاپەڕەدا کەسەرجەم (۳۷)دەقی لەخۆ گرتووە لە دوویەشدا «زەرنەو ئاسۆی- زەرنە قووتەی ئاسۆ و «دوێ گۆرانیی

مانێ- دوو گۆرانیی مات»، ئەمە وێڕای بەرایییەک کە «فەرزاد میر ئەحمەدی» لە میانەیەوە دەلاقەیەکی بەڕووی شیعری هاوچەرخی هەورامیدا کردووەتەوە.

بەر پێنەی زۆربەی دەقەکان دەقی کراوەن دەکرێت بە چەندین شێوە پرۆسەی خوێندنەوەو کردنەوەیان بۆ بکرێت و من لێرەدا هەوڵ دەدەم لە چەند ڕوویەکەوە چەمدێتی منی وەرگرو ئەوی نێرەر لەگەڵ دەقەکاندا ئەنجام بدەم.

## زمانی دەق

بەر لە قسە کردن لە خودی زمان دەبێت ئەو ڕستەیە لەبەرچاو بگرین کە زمان و ئاخاوتن دووڕستی لێک جودان.

زمانەوانی ناسراو (دی سوسێر) لە پێناسی زماندا دەڵێت: «زمان بریتییە لە سیستەمێک لەو بەهاو نەریتە ڕەمزی و فەرهەنگییانەی پۆلێکی زمانەوانیی دیاریکراو بەکاری دەهێنن وەلێ ئاخاوتن کردەیەکی تاکە کەسانەی سەربەستە لە زماندا» (١) وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمان توانیمان ئاست و کردەی زمانی نووسین و ئاخاوتن دیاری بکەین، چونکە ئەمڕۆ لە گوتاری ئەدەبیی هاوچەرخدا زیاتر بایەخ بەم لایەنە دەدرێت «ەمەبەست لە زمانی دەقە» و هەمیشە لەسەر گەشتن کایە ئەدەبییەکاندا مشتومڕی لەسەر دروست بووە.

زمانی دەق هەمیشە زمانێکی بێ کۆنترۆڵ و هاروهاجە و لە حاڵێکی چەق بەستوودا پێنت ناگرێت، ئەگەر وستمان کار لەکردنەوەی ئاراستەو ئەماکانی دەقێکدا بکەین پێویستە بەشێوەیەکی گشتگیر ئەوپرۆسەیە ئەنجام بدرێت، چونکە دەق بریتییە لە کردەیەکی زەینی و زمانەوانی و لە سیاقی خوێندنەوەدا خوێنەر هەندێک شتی نوێ و هەڵێنجانی تازە بەدەست دەهێنێ.

یەکێک لە خەسڵەتە باشەکانی دەقی سەرکەوتوو ئەوەیە لە میانی خوێندا بکرێتەوەو لە ئاکامی ئەم کردنەوەیەشدا خوێنەر بە دووی چێژدا دەگەڕێت.

ڕۆلان بارت پێیی وایە خوێنەر لەنێو دەقدا بە دووی چێژدا دەگەڕێت و زیاتر لەو دەقانەدا خۆی دەبینێتەوە کە تێیدا بزر دەبێت.

کەوا بوو کردەی خوێندنەوە کردەیەکی دووسەرەیە، هەم خوێنەر چێژ وەردەگرێت و هەم خودی دەق لە ڕێگەی کۆدو شفرەکانییەوە وازەبێت.

بەم واتایە سێکسانتدن لەنێوان دەق و خوێنەردا دروست دەبێت و ئەم دەقەش بارت بە «دەقی خۆشی بەخش» ناوی دەبات.

ئەگەر دەق بەرهەم هێنراوی زمان بێت یا ڕوونتر بڵێین زمان دەق بەرهەم دەهێنێت ئەوا دەبێت دەقیش بەردەوامیی زمان دەستەبەر بکات و سوسێر هەمیشە ئەم کردەیەی بە ستروکتوری زمان و ئەرکی دەق زانیوە.

«ڕۆبەرت سۆلزۆ»یش پێیی وایە ئەو زمانەی لەشیعردا بەکاردێت بەوە لە زمانی ئاخاوتن جیادەکرێتەوە کە شاعیر لەمیانی دەقەوە دەیەوێت گوتارێکی نووسراو بداتە کەسێک کە گوێ لە گوتارەکەی بگرێت ئەویش وەرگرە.

دیارە لە گوتاری شیعریدا ئامانجی گەیاندن و بەردەوامیی دایەلۆگی «نێرەر- وەرگر»ە زیاتر ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ستروکتوری هێماو مەعنای نیشانەیە.

**باخچێ دنیێم دێ پێوەرە**
**پەرێ باقێ ولە گلاوا**
**ئادیچ وەرووگەشی گۆنێت**
**کەردشا شەرمە..**

«منیە ڕێزە- لاپەڕە ١٢»

**واتە/ باخچەکانی دنیام تەی کرد**
**لە بۆچەپکێ گوڵە باخ**
**ئەوان لەبەر جوانیی گۆنات**
**لە شەرمانا دەرنەکەوتن..**

لێرەوە شاعیر گوتارە سیمیۆلۆژی و زمانەوانییەکەی بۆ کردنەوەی دیالۆگی نێرار «ئەوی شاعیر/ ئەوی وەرگر» ڕەوانە دەکات.

ولەگلاو ⇄ گەنی گۆنات

بەم لێک چواندنە گوتاری دەق ئاراستەی وەرگر دەکرێت وەک لەسەرەتاوە گوتمان خوێنەر زیاتر لەو دەقانەدا خۆی دەبینێتەوە کە تێیدا بزر دەبێت.

**باخ**
**بەشانەو زەردە خوەی**
**ئەگەریچەکاش**
**باڵە کەرۆ**

«قەتەمانە- لاپەڕە ١٨»


**واتە/ باخ**
**بەشانەی زەردە خەنە**
**پرچەکانی**
**شانە دەکات**

ئەگەر ترووسێن گەمەیەکی زمانەوانیی بێت بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعری ئەوا شاعیر لێرەدا زۆر بە سەلیقەوە ئەو مامەڵەیەی کردووە، هەمیشە دردەخت ئەبەرامبەر لرفەی (با)دا ڕۆی تەسووره، بەڵام کاتێک ئەو لرفەیە بووە سروەو سە ئیدی دردەخ دەکەوێتە سەمایەکی عاشقانەو خۆی ئارایشت دەکاتەوە.

لێرەدا شاعیر گەردێکیەتی لە ڕێگەی مەنلوفەوە لە تۆزرەنگی دیاریدا تە لەودیوی ئەمەنلوفەکەوە ڕیکات و ئەمەتی وەک سەعید غافی دەڵێت: «ئامانجێکە لە پشتی خودی زمانەوە».

هەرچی شنەرازشە پەیوەستە بەچوارچێوەی

کــولتــوورو ســـەردەمــەوە، شێــوازی باخ شـێــوازێکی کۆمەڵـیـەو ئەو کەلاپانەی لە کـۆمــەڵـەکــەدان دەکــرێت بەســـزەوە رێک بخـــرێن وەکــــەرنا یان دەوەرن یان بەســەختی لە ڕووی لرفــەدا دەوەستنەوە. ئەگەر وشـە لە زماندا بچووکترین پێکهاتە بێت ئەوا وەزیفـەی وشــە لە شیعردا بریتییە کـارکردن لەنێو فیکری مرۆڤدا و وشە زۆرجار مرۆڤ تووشی ڕامان و بیـرکـردنەوە دەکـات و بۆ ساتێکی زۆر پێوەی خەریک دەبێت.




بەهێزی خــــودی دەنگی وشەوە مـانایەک لای وەرگر دروست دەکات و ئەگەر تەنیا بەرپێتـــــیش بێت ناچارت دەکات بۆ چەند چرکەیەکیش بێت ئاگایی خۆتی بدەیتێ، هەرچی دەلالەتیــــــشــــــە خولقێنەری ئەو دەلالەتانەیە لەودیو ئەو وشەیەوە دروست دەبن.

ناکـرێت بـاسـی (باخ) یان (باخـــــچـــــە) بکرێت و پێکهاتەی ئەو شتانەی لەنێو باخچەدا هەن وتنانەکەیت

**هاژەو گـەلای: زەردەلاقـار**

........ «پاییزانە لا ٢٣»

**زەمـــیـن لــــێ وشـــل**

**....... ........ وەلـــــێ**


**............ لا ٣٠»**

**کن لەیل: چۆلی**

**باخ: هورپی**

«پاییزانە لا ٢٣»

هەریەک لەم بەیتـــانە لە ڕوانگەی وشــــە= مـــانا + دەلالـەت دەکــــــــــرێت بخوێنرێنەوە.



تا زیاتر لەســـــەر باسـکردنـی زمــــان ڕۆبچین، دەروازەی تر لە ڕووماندا دەکرێتەوە کـــــە دەکــــرێت لە دووتوێی کتێبدا باس بکرێت، بەلام ئەوەی من لێرە مەبەستمە بیلێم چۆنیەتیی مامـەڵەی شـاعیرە لەگـەڵ واتاو چەمکەکانی زماندا کە بەشێـوەیەکی زاناپانە کـاری لەگەڵ کردوون ئەخاسـە لە شێـوەزاری «گـۆران»یدا کـە زمـان خـەزێنەیەکی گـەورەی هێماو ئاماژەیەو مرۆڤ گەر بەکـەمێک سـەلیقەوە کـاری تێدا بکات لە هیچ بوارێکدا بەدووی وشـەو مانای وشـەدا ناگـەڕێت و بۆ هەر شـتێک چەنـدین تـاوی تـێـــــــــدا دەدۆزێتـــەوە گـــەر بۆ نموونە «بەرد» وەرگـرین لە زمـانی هـەوراســــــــــدا ئەوەندە بەرامبەری هەیە..


بەرد= ڕیز، پیچ، پواز، سـیـــرەکــۆڵین، تاش، تل، .....

هەریەک لە مـــانەش لە زمـــاندا دەلالەتی خـــۆیان هەیە، کەواتە دەکرێت بگەینە ئەو ئاکـامـەی کـە دەلالەتی زمـــان= بەرهەمی زمـــان + هەستی زمـان + جەستـەی دەق

زیاتر وردەکارییەکانی لەم خـــــــشــتـەیەی خـــوارەوەدا بەدەردەکەوێت و هەریەکە یان بەجیـــاو هەمـــوو پێکەوە وەزیفـەیەکـیـان هەیە ئەویش پێک هێنانی ئەوەی کـەپێی دەگوترێت. دەق.

زمان بکاتە حاکمی موتڵەق، چونکە لە ئەخشــەکـەشـدا بەدەرکەوت کە هەستی زمان یەکـێکە لە پێکهاتەکـانی دەلالەتی زمــان، بێگومـان هەمــــتــیش لێکدانەوەی گەرەکە، دیارە لێکدانەوەشی پێـویـســـتـی بە خـەیـاڵ و جیهانبینی بەرفراوان هەیە.

خــەیاڵ وەک جـۆرێک لە زیرەکــیی بیــرکــردنەوەو ئەفراندن لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکــێکی دیکە دەگــوزرێت، هەمیشە هاوتەریبی لەنێوان عــەقڵ و خــەیاڵدا هەیە، چونکە مـــــرۆڤ بەتەنێ ناتوانێت بەعــەقڵ بژێت، هەمـیـشـە خەیاڵ فەزایەکی فراوانی لە هەست و ئەستی مـــرۆڤ داگــیـــر کـــردووە بەتایبەت شاعیر کە لە نێوان خەیاڵی داهێنەرانەو خەیاڵی سروشتدا دەژێت کـە دەڵێن خـــەیاڵی ســـروشت بەو مانایەی خەیاڵی سروشت لە خەیاڵی مرۆڤ فراوانترەو



کەواتە ناکـرێت دەسەڵاتی دەق تەنیا لەنێو زماندا قۆرخ بکرێت، چونکە خـــــودی زمانیش ئەو ڕەهاییە بەخۆی ڕەوا نابینێ کــە دەق ڕووت بکاتەوە لەگـشـت بەهاکان و

هەمیشە مرۆڤ نەیتوانیوە لە خــەیاڵی ســـروشت دەرباز ببێت.

ســـروشــتی هەورامــــان لێوانلێوە لە خەیاڵی بەرفرەو داهێنەرانە سروشت بۆ خۆی

لەهەر وەرزێکدا دەبێتە کەڤاڵێک جەنجاڵ لە هێڵ و فیگەرو باکگراوند بەمەش پاشینەیەکی خەیاڵی فراوانی بۆ ڕەئووف دروست کردووە.

**مەگەر هاژەو مەوجێ**
**شێتێ**
**ئاردێ وێرە**
«ماساو چنە- لا ٨٨»
واتە/ مەگەر هاژەو
شەپۆلی شێت
وەناگایان بهێنایە
**نەرم**
**پێسە قژا «شەمێ» و**
**بێدەنگ**
**پێسە ناڵەو شعرێ**
«کارەوان- لا ٤٣»
واتە/ نەرم
وەکو پرچی شەم و
بێدەنگ
وەکو ناڵەی شیعر

ڕەنگە بەدەیان نموونە لەم دیوانەدا هەبن بۆ باس کردنی خەیاڵ و عەقڵ، ئێمە ئەم دوو نموونەیەی سەرەوەمان وەرگرت.

لەوە گەیشتین لێکدانەوە بەشێکە لە هەستی زمان لەنێو فەزای بەرفراوانی دەلالەتی زماندا و بەهاوکاریی خەیاڵ و عەقڵ ئەم پرۆسێسە زیاتر کارا دەبێت و بەم پێیە بوویەک دروست دەبێت کە لە دوای پرۆسەی کامڵ بوونەوە ناودەنرێت «دەق».. ❖

**سەرچاوەکان**

..........


**١- ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ- ئازاد حەمە- ١٩٩٥ سوێد**

**٢- گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس- و. نەوزاد ئەحمەد- ٢٠٠١ سلێمانی**

**٣- ئاکسیۆلۆژیای خوێندنەوەی دەق- نامق هەورامی- گۆڤاری هەڵەبجە- ژمارە ٣-٤**

**٤- وضع النقد من النقد الجديد الى البنيوية- ت- صابر سعدون- ١٩٩٠- بغداد**

**٥- بیری ڕەخنەی هاوچەرخ- و. نەوزاد ئەحمەد- ٢٠٠١- هەولێر**

**٦- بیری پۆست مۆدێرنیزم- ئازاد حەمە- ٢٠٠٢- هەولێر**

**٧- زەڕنەو ئاسۆی- ڕەووف مەحموود پوور- چاپی یەکەم، ١٩٨١- ٢٠٠٢- مەریوان**